# شۆڕشی گەروو

خاڵەبەکر
bakeramin@hotmail.com

سڵاوی خەبات و شۆڕش، بەچکە شێرانی بێشەی ڕۆژ هەڵات.. گەرووم، نەڕەو نەعرەتەی شێرانەی گەرووتانە. خەمم ،فرمێسکم،خوێنم، گوفتارم، بیٚ قەیدو شەرت لەگەڵ گووفتارو هەڵوێستانە..!

دانەسکنێن.. تاوەکو نەعرەتەتان عەرشی ئاخوندەکان و پیاوە محەجەبەکان ئەهەژێنیٚ وئەلەرەزێنیٚ.!

ڕاپەڕن.. نەکەن پشت بەهیچ حیزبۆکەیەك ببەستن.. هێزو بازرووتان ئەتۆمێکە مافی گەلان دەست نیشانی ئەکات ، تەنها لای حاکمەمانی عەمامە بەسەرو شمشێرو تیرو شیرو جەهالەت یاساغە و قۆرخی ئەکات.. هاواری گەروو هیچ عەرشێك نیە لە ئاستیا خۆی ڕاگریٚ..،مەکشێنەوە ، مەکشێنەوە ئاهوهەناسەو گەرووتان لەگەڵتانایە..!

ڕاپەڕن .. جنۆکەو ڕیشدارەکانی لەماف و ئازادی و سەربەستی نەگەیشتوو بەهەنگ نەگرن و بەئاگایان بهێنن و بیان تۆقێنن..!

ڕاپەڕن گوێی کەڕڕی چەرخی جەهالەت بە دەنگی ئازادی ڕابهێنن..!

ڕاپەڕن ، بەهیچ کلۆجێك ڕیٚ نەدەن هیچ حیزبۆکەیەك بازرگانیتان پێوە بکەن.. ڕاپەڕن .. ڕیٚ نەدەن عەمامە پۆشەکان لە کونی دەرزیەوە سەیرتان بکەن.. ڕاپەڕن.. قازی سەر قافڵەچیە ئەمرۆ نا بەیانی دڕ بە مەزارەکەی ئەدات و نەو نەمامی دەنگو چریکەی ئێوە ئاو ئەدات .. ڕاپە ڕن.. لە مەیدانی چوار چرا هەزارەها چرا هەڵکەن.. ئاخوندەکانی تیا لە سێدا رە دەن..ئەو سەفەویانەی تیا لە سێدارە دەن کە شمشێرەکانیان بە ملی مافی گەلان و مافی مرۆڤ تیژ ئەکەن..ئەو سەفەویانەی قسە بیٚ سەرو بنەکانی حەمەی کوڕی عەبەو عەلەی کوڕی تالەی بە سەر گەلانا فەراهەم دەکەن..!

ڕاپەڕن تەنها گەرووتان چەکتانە، خیابان و بازاڕو دوکانەکان هەماهەنگ و هاوپشتانە...!

ڕاپەڕن.. ئەگەر خواش نەهاتە گۆ، باڵای یەکتر بکەن بە پەیژەو کون و کەلەبەری ئاسمان تەی کەنو قۆڵ بەستی کەن،ئەو ئاخوندانەی پەیڕەوی قورئانەکەشی دەکەن بیدەنە دەستی و گڕی تیٚ بەردەن..!

ڕاپەڕن.. دەنگی نوساوتان هەناسەکەمە..دڵۆپەی خوێنتان فرمێسکەکەمە.

مهاباد...!چی تر نابیت ناشاد..

بۆکان..! تۆیت بێشەی بەچکە شێران..

پیرانشار..! چیتر ناچێژیت ئێش وئازار..

سەردەشت..! مژدەت لیٚ بیٚ بەئاگان و لە هەڵمەتدان بێچوە شێرانی بێشەت..

جوانڕۆ..! مەسرەوە، هیچ خوێنیٚ ناڕوات بە فیڕۆ..

مەریوان..! جیٚ ژوانی عاشقان و شۆڕش گێڕان،لەم دوورەوە تنۆکیٚ ئاوم لە ئاست شۆڕشی گەرووتان.